
# میر

## نەریمان تالیب مۆریاسی



ئەو ئێوارەیەی میری تیادا پارچە پارچە بوو، تاشەبەردەکانی قەڵاکەش یەکە یەکە هاتنە خوارەوەو لەگەڵ دەنکە تووی وەریوو بارانە بە خوڕەکەشدا، شەرمە بێ دەنگە ترسناکەکەی میریش توایەوە، دەیانگووت: ((یەکەم جارە لە بێدەنگیەکی چۆڵدا. تۆپی دوژمن میر دەپێکێت))؛ چوارەمین تۆپ لە قوولەی پاسەوانەکانی دابوو هێشتا ئەو دۆخینەکەی نەبستبووەوە، قەڵاکەی ئەو بەرەوەمان هەر جارەی ئاڵایەك و هەر جەنگەی کەللە سەرێکی لێوە بەرز دەکرایەوە؛ کەللە سەرەکان بە خوێنە مەییوەکانیانەوە دەخرانە ناو جامانەو مشکییەکانیان و بۆ ئاسمان بەرز دەکرانەوە خواوەندیش لە دوای گرتنی هەرقەڵایەك، تووی دەباراند، ئەو ئێوارەیە توو دەباری، ئەفسەرە ئازاکان قاچیان بە حەواوەو چاویان بۆ پشتی قەڵایەکی رووخاوو دەیانڕوانی، تا ئەو کاتەی من بینیمن، ئەستێرەکانی سەرشانیان و نیشانەو خەڵاتەکانیان هەر بەسەر سنگ و سەرشانیانەوە مابوونەوە، هەتا چاوی من بڕی دەکرد قەنارە هەڵواسرابوو هەتا دڵی من هەڵیدەگرت کەللەسەر قرتێنرابوو هەموو درەختەکانی ئەو دەوروبەرە بۆنی قۆخێکی گەییویان لێدەهات، دایکم دەگریاو من خۆم بەقەیتانی پۆستاڵە سەربازییەکانیانەوە خەریك کردبوو، هەرچەند من قەیتانەکانم زیاتر رابکێشایە، تەرمە هەڵواسراوەکان زیاتر دەهاتنە خوارەوە، من پرسیم: ((بۆ هێندە بەرزن)): دایکم گوتی: ((ئەوان بۆ لای خوا بەرز کراونەتەوە))، کەچی ئەوان هەر سەیری قەڵایەکیان دەکرد کەلەو دەوروبەرەشدا نەبوو، هێندە لەبەرزاییدا دروست کرابوو بەبیری ژەنەڕاڵەکانی میریشدا نەدەهات رۆژێك لە رۆژان ئۆردوی دوژمنی تێدەرژێ، هەتا ئەو رۆژەشی زۆریان لێی کرد ئاڵایەك بۆ میرنشینەکەی قەرار بدات، میر لە بیر نەدەچۆوە کەساڵانێکی زۆر دوور لەو رۆژەوە چۆن باوکی بەدارا کرابوو، وەرزێکی زۆر دورتریش لەو وەرزەوە چۆن باوکی باپیرەیان لەقەنارە دابوو، دەرگای قەڵا کان و قەنارە دوا نەهاتووەکان میریان شەرمن کردبوو، بەبێ ئەوەی گوێی لە مەستییو شەهوەتبازی سەربازەکانی دوژمن بێت، میر بۆنی قۆخەکان دەگەیشتنە لووتی، ئەوان هێندە لە ئافرەتەکانمان تێر ببون چیدی شمشێرە خوێناوییەکانیان بۆ رانەدەگیرا، سێیەمین دەرگای قەڵا رووخابوو، میر هەر بەبێدەنگی لەو دیزە شکاوانەی دەڕوانی کەساڵانێکی دوورە لەم گۆشە چۆڵەی قەڵاکەدا فڕێ درابوون، سەڵتەکەی باپیرەی دەبینی، ئەو تاجە ئەڵماسەشی بەدی کرد کە یەکێك لە کوڕانی باپییرە گەورەی لەسەر سەری نابوو خۆی بەپاشای مەملەکەت ناو نابوو، کاتێك سەیری ئاڵا قەد کراوە هەڵنەکراوەکەی دەکرد، شەرم دایدەگرت، ئەوانەی لە ژێر سێبەری قەنارەکاندا کۆببوونەوە لەناو پلاَوپاڵێوێکی سووردا پارچە گۆشت و ئێسقانە شکاوی میریان بە ئاوی زم زم دەشوشت. ئەو میرەی شەرمی کرد ئاڵای وڵاتەکەی هەڵبکات، ئەو شەرمە ئەوی کوشتبوو، کاتێك لەگەڵ ژنەکانیشیدا دەنووست دەبوایە چرای دیوەخان و ساڵۆن و ڕاڕەوەکانی قەڵاکەشی بۆ بکوژێننەوە، ئەوەندەی لە کونی کیلۆنی دەرگای خزمەتکارەکانیەوە دەیڕوانی، هێندە لەپەنجەرەی دراوسێکانی نەدەڕوانی، زۆر شەوان هاوسەرە

خرپنە جوانەکەی جێدەهێشت و لە گۆشەو سووچە تەنیاو چۆڵەکانی قەڵاکەییدا، دەسوڕاو بەدوای چێژێکی بێدەنگی چۆڵ و نادیاردا دەگەڕا، بەبێ پاسەوان، بەبێ خزمەتکار، بەبێ دۆخین، لەو شەوە چۆڵانەدا بەبێ ئەوەی کەسی لەگەڵدا بێت ئەو چێژی لەو شەماڵە سارده وەردەگرت کە تەڕایی دەرپێ کورتەکەی ژێرکەواو سەڵتەکەی فێنك تر دەکردەوە ئەو تەڕاییەی کەلە ناو گەڵی ئەو نەبووەوە هەتا ئەو ئێوارەیەی تۆپێکی دوژمن هەلا هەلای کرد. ئەو شەوانەی گیان و یادی باوباپیرە کەللە قرتاوەکانیو دیمەنی ئالاشکاوەکان و قەلا تەماوییەکانی بیر دەکەوتەوە، میر دەگەڕا بەبێ سوپا، بەبێ خەنجەر، یاری لەگەڵ هەر خزمەتکارێکدا دەکرد کە لە ڕێگەدا تووشی دەبوو، دەستی بۆ مەمکیان دەبرد، تێر تێر دەیانی گوشیو بە دیواری گۆشە چۆلەکانی قەلاکەیەوە دەنووساندن، ئەسپ و تانجیە زیرەییەکانی لە تەویلگەکەدا بەجێ دەهێشت، زۆر جار دەمانچە دەسك زێڕەکەشی هەڵنەدەگرت، حەزی دەکرد بە دوور لە دەنگی تۆپەکان و بە دوور لە پۆرترێتی باوباپیرانیو سکەی دراوە نا کامەکانیان مەست ببێ، حەزیدەکرد لەو گۆشە چۆڵ و بێ دەنگانەی قەلاکەیدا کەس هەواڵێکی تازەی نەداتێ، زۆر جار تابەری بەیان دەسوڕایەوە، لەپێچ کردنەوەیەکدا بەمن گەیشت هیچی لەبەر خۆیدا نەهێشتبوو تاجەکەشی فڕێ دابوو، پەنجەیەکی لە دەمیا بوو،گوێی لە هات و بگرەو بەردەی ئەو چەتانەش نەبوو کە پەلاماری خانێکی قەلاکەیان دابوو، دووجار سلاوی سەربازیم بۆ کردو شمشێرەکەم بۆ بەرز کردەوە، ئەو بەبێ ئەوەی بمبینێ دوو جار سەیری کردم و نەوەستا، ئەو تارماییەکی لێ تەرا ببوو، بەد وویيدا رایدەکرد تا دەست بخاتە قژە بۆگەنە نەشۆراوەکەیەوەو بۆ ئەوەی بۆن بەو ژێرکراسە ئەستورەیەوە بکات کە لەچڵکدا زەرد هەڵگەڕابوو، میر تارماییەکی لێ ون ببوو، لە دوا قوولەی قەلاکەیەوە سەوزە گیایەکی پان و خرپنی هاتە بەر چاوو لەنێوان چەند قەنارەیەکدا روبارێکی سوری جوان ڕێی دەکرد، ئاوەکان دەڕۆیشتن، هێشتا مەڕوماڵاتەکان سیاسیاوی نەبوو بوون تەلە دڕکاوییەکان ڕێگەیان لە هاتووچۆی چۆلەکەو ماکەرە بەرەلاکانی سەر سنوور نەگرتبوو، کەلەسەرە پەڕیوەکان هەموو بینینی میریان گرتبوو، ئالاکان دەشەکانەوە، هەرچەندی کردی ئالاکەی باپیرەی بۆ نەدۆزرایەوە، کەللەسەرەکان لە جیاتی تاجی پاشایەتی، قۆخێکی گەییویان لەسەر بوو. ((چەند خۆشە ئێستا هەموویان بخەون و من و ئەو گەردوونە بەتەنیا بمێنینەوە))، گەر دەنگی ئەو تۆپە نەبڕاوانە نەبوونایە شەوانیش پاسەوانی ڕانەدەگرت، کاتێك هەستی بە جووڵەی پاسەوانەکانیی شەوی دەکرد ئیتر هەموو نەخشەکانی لێ تێك دەچوو، کاتێك تف و زلەی خزمەتکارە گۆشتنە قەیرەکان میریان رادەچڵەکاند ئیتر بۆ ژووری نووستنەکەی دەگەڕایەوەو هێندە ماندوو دەبوو تەنانەت دەرپێ تەڕاوییەکەشی بۆ دانەدەکەنرا. لەناو تارمایی ئافرەتە قژ گرمۆڵەبووەکەو بۆنی خۆیو گریانێکی بێ ماناو شەرم و خۆشییەکی بێ سەروبەردا دەنووست، لای سپێدە هێندە هاوسەرەکەی ماچ دەکرد کە ئیتر هەموو شتێکی دەخستە گومانەوە. ڕاڕەوە چۆڵەکانی قەلاکە زۆربەیان تۆپی جۆراوجۆریان تیادا دامەزرابوو، میر تۆپچیەکانی نەدەبینی، تەنیا گوێی لەجریوەیەکی ناسك بوو، زۆر جار بیری دەچووەوە کە سوپایەکی سی هەزار سەربازی و تۆپە قورسەکانیان بەڕێوەن بۆ لای، ئەوە ئەو

کاتانه بوو دیسان به دوای تارماییه پەمەییەکەدا رایدەکرد، دەیگەیشتێ و دەستی به شەوگارێکی کورتدا دەچزا، دەستی بەر لای خوارەوەی تاکه مەمکێکی نادیاری ئەو گۆشه چۆڵەی قەلاکه دەگەیشت. حەزی دەکرد رۆژ نەبێتەوە، تا ئەو سەربازه سەرمابردوانه نەبینێت که تا دەرگای قەلاکه دە ریز سەنگەری قوولیان لێ داوە، هەستی به ترسێکی زۆر دەکرد کاتێك به چوار دەوری قەلاکەیدا تابوری تۆپەکانی خۆیانی دەبینی، حەزی دەکرد هەموویان خەیاڵ بن له بێ دەنگیدا باوەشی به یەکێك له خزمەتکارەکانیدا دەکردو ئیتر هەموو ئەو یادگارو قەلاو ئالاو قەنارەی هەڵواسراوو کەله پەڕیوەکان و مشکیو جامەدانییەکان و فرۆکەو هەراو هوریاکان دەتوانەوە که ئەویان نیگەران دەکرد زۆر جار دەیپرسی ئەو هەموو قەنارەیه بۆ، بەرزکردنەوەی ئالا بۆچی باشه؟ دوو ساڵ زیاتر بوو وەستاکان  له نەخش کردنی ئالای مەملەکەتەکەی ببونەوە، بەلام میر لەبەر چێژی گۆشه چۆلەکانی شەوانی بواری بەخۆی نەدەدا بچێ بۆ سەیرکردنی بێدەنگی و چۆلەوانێتی ئەو گۆشه خۆشانەی قەلاکەی که تیایدا هیچ کەسی لێوە دیار نەبوو لای ئەو حەزێکی منداڵی بوو، له ناوییدا هەستی بەهیچ شتێکی گەردوون نەدەکرد بارانێکی له ناخییدا دروست کردبوو، ئەو بارانه وای لێکردبوو لەو ساتەوەختە بێ سەروبەرانەدا کەس نەناسێتەوە، تەنانەت زۆرجار نەشیدەزانی خۆی کێیه؟ یاخود لەبیری دەکرد پیاوانی خەلیفه چۆن باپیریان سەربڕیوە؟ میر دەکەوته گریانێکی سەیرەوە کاتێك بیری ئەو خەنجەره ژەهراوییەی دەکەوتەوە، که دواجار لەسەر پشتی برا گەورە تاقانەکەی دی بویەوە ئەو غەدرەی لەبیر نەدەچووەوە که والی ئاشەپسان له پورێکی کردبوو کاتێك بۆ سەردان چووبووە پایتەخت، میر شەرمی لەو هەموو خوێنه دەکردەوە، که هەرگیز بەرچاوی ئەویان بەرنەدەدا، نەیدەزانی ئەو هەموو سەربازه دڕندانه بۆ روو لەو مەملەکەته ئارام و ئاسوودەو بەهەشتەی ئەو دەکەن  دەیزانی نەعلەتی ئەو وەرزانەی له باپیره گەورەیەوە بۆی ماوەتەوە هەتا ئەو ئێوارەیەشی تۆپەکانی دوژمن دیمەنی قەنارەکانیان لەچاوانیدا سڕیەوە، میر دیمەنی ئەو ئافرەت و منداڵانەی بیر نەدەچووەوە که دوژمن بەساغی تێزاب و مەنجەنیقیان کردبوون بەسەردا، قەنارەکان و ئالاکان ئەو دوو شته بوون که میریان تەنی بوو، دەستی بۆ دەرپێی هەموو ئافرەتەکانی قەلاکه دەبرد بۆ ئەوەی چیدی هەست به قورسایی ئەو رووداوانه نەکات که باوپابیری بۆ ئەمیان جێهێشتبوو، به ئەسپایی دەستی بۆ دەبردن دەشیزانی ئەوه کارێکی نابەجێیه،  زۆر جار شەرمیشی لێدەکردن ئەو شەرمەی ئەویان بۆ لای دیمەنی ئالا هەڵکردنەکه دەگێڕایەوە، دوا ئێواره لەبەر ئەو بێ دەنگییه خۆشەی له باوەشی ئەو ئافرەته لێڵ و تەماوییانەدا هەستی پێ دەکرد گوێی لەهیچ کام ئەو تۆپانەش نەببوو که دوو سەعات بوو دەرگای سێیەمی قەلاکەیان تێك دابوو میر چێژی لەو بێ سەروبەرییه وەردەگرت که قەلاکەی تێکەوتبوو بەگریانەوە دەستی بۆ شوێنی ئەو گوللەیه دەبرد که بەر لەنیوسەعات بەشی راستی سینگی پێکابوو، پەنجەکۆڵەکانی لەو قلێشانەدا ون دەکرد که خەنجەره هارەکان لەپشتی ئەوو پێشتریش له پشتی باپیرانیان کردبوو، سەربازەکانی خەلیفه گەیشتبوونه باخی میر، ئەو هەر لۆمەی باپیره گەورەی دەکرد که بۆچی لەدەمی خۆیدا ئالای مەملەکەتەکەی هەڵنەدابوو، توو

دەباری کاتێك میر سەری لە ئازایەتی باوکی سووڕدەما کە چۆن پێش ئەفسەرەکان چووەتە بەر قەنارەی دوژمن و بەدەستی خۆی پەتی سێدارەی لەگەردنی ناوە، دەنگی تۆپەکان ئەو دیمەنانەیان ون دەکرد، دەیپرسی باشە ئەو هەموو سێدارەیە بۆچی؟ تووەکەی میر هەلا هەلا ببوو، کاتێك دەستی لەبن باڵی ئافرەتە چل ساڵەکە دەرهێنا لە پەنجەرەکەوە دەیبینی وا سەربازو توو پێکەوە دەبارێن، ((هێشتا زووە))، میر لە زمانی ئەوان نەدەگەیشت، کاتێك خزمەتکارەکان لەو گۆشە تەسك و چۆلانەدا بەمیر دەگەیشتن ئەوان هەر چەندێك هەوڵیان دەدا، نەیاندەتوانی لەزمانی میر بگەن لە جووڵەو سەر لەقاندنەکانی و پەلەقاژەکانی میر حاڵی نەدەبوون، نهێنی تەزیووی پەنجە کشمیشییەکانی میریان بۆ نەدەدرکا، تاج و کەوا بە ئاڵتوون نەخش کراوەکەی دەخستە سەر زەوییە خۆڵاوییەکەو رادەکشا، ئەوان چیتر ئەو میرەیان نەدەهاتە پێش چاوو کە هەزاران ساڵ بوو سەردارێکی بێ دەوڵەت و پاشایەکی بێ ئاڵابوو، ئەوان منداڵێکی شەرمنیان دەبینی کە لەمیزی خۆیدا یاری دەکرد، لەدیوەخانەکەیدا، میر زیاتر لەسەدو پەنجا پۆرترێتی باب و باپیرانی هەڵواسیبوو لەبەرامبەریشیاندا، کەلاکی رێوی کوژراوو بەرگی توکنی پڵنگی سەربڕاوو پێستە هەڵۆو مامزی کێوانی هەڵواسیبوو، دواهەمین تابلۆ بێ وێنە بوو، بەجێ هێڵرابوو بۆ ئەوەی یەکێك لەکوڕەکانی دواجار وێنەیەکی ئەوی تیادا دابنێین، تا لە بیر نەچێتەوە، میر بیری چووەوە کە هەموو باپیرانی لەبەر دەرگای قەڵاکەدا گیانیان دەرچووە، حەزی دەکرد پەنجەکانی بقرتێنێت و چیدیکە خۆی لەو تاوانە خۆشەدا نقووم نەکات، دەیویست لە تارمایی ئەو قەڵا بەرزە رزگاری ببێت، کاتێك سێبەری تووە باریوەکان بە دوایەمین پەنجەرەی قەڵاکە گەیشتن، میر دەگریا. ساڵێك بەر لە هەڵکردنی ئەو بارانە سەیرەی سەربازو تووی تیادا دەباری ژەنەڕاڵە پایە بەرزەکانی میر زۆریان لێکردبوو، بەر لە گەیشتنی ئەو وەرزی خەزانە، ئاڵا سێ رەنگەکە بەرز بکەنەوە، بەڵام دوا شتێك کە شەرمەکەی میر لەناوی برد ئەو ئاڵا رەنگاو رەنگە بوو، کە میر زاتی نەدەکرد زۆر لێشی وردبێتەوە، ئەو حەزەی لەبێدەنگی و چۆڵەوانی رۆژ بە رۆژ بەرەو گۆشە چۆلەکانی رارەوەکانی قەڵاکە کێشی دەکرد دەیویست هەموو شتێکی گەردوونەکەی سەر قەڵاکەی ئەوو بێ جولەو دەستە مۆببن، رقی لە هەموو ئەو شتانە دەبووەوە کە میرایەتی ئەویان دەسەلماند، چەندین رۆژ لەبەر سەفی هاوڵاتیان بۆ دیوانی میر، رێگەی هاتووچۆکردنی ئۆتۆمبیلەکان دەبەسترا، بەڵام ئەو بەهەزار بیانوو خۆی لەخەڵك و یادگارییەکان وتاج و ئاڵاو پۆرترێتی

باپیرانی و شمشێرە قورسەکانیان و تفەنگە درێژەکانیان دەدزییەوە تەرمی ئەفسەرەکانیش بران، پاش هەفتەیەك گوێچکەی چەپی میر لە ژێر دار قۆخێکدا دۆزرایەوە، هێزی دوژمن دەکشانەوە کاتێك تەواوی خەڵکی قەڵاکە بە دوویی نەوەیەکی میردا دەگەڕان بۆ ئەوەی لەجێگەی باوکیدا دایبنێن، یەکێك لەوەستاکان لەسەر چەرمێکی پان و پۆڕ، خۆی بەوەوە خەریك کردبوو، نەخشەیەکی تازە بۆ قەڵا رووخاوەکە دابڕژێتەوە، ئەو قەڵا مێرەی هەمووی دوو ساڵە لە تازە کردنەوەی ببونەوە تەواوی زێڕو سەروەتی خەڵکی مەملەکەتەکەیان تیادا خەرج کردبوو، سەرقاڵی ئەوە بوون باشترین قوولەو پەناگەو زیندان و ژێرزەمین و دیوەخان و کانیو باخ و بێستانی، تیادا

دروست بکەنەوە، ئەوە یەکەمین رۆژی دەست بەکاربوونی میری تازە بوو، ئەو میرەی دیسان شەرمی کرد ئالاّکە هەڵبکات؛ دەچوو لەپەنای حەزو عەشقێکی سەیرو نادیاردا، خۆی لە رۆژگارە زیوینەکان حەشار دەدا و خۆی بەڕاوە تانجیو راوە خزمەتکارە گۆشتنە دەستەمۆکانی پاش نیوەشەوانێکەوە سەر گەرم دەکرد، ئەو ئێوارەیەی بۆ دواجار لە باڵکۆنی قەلاّکەییدا راوەستابوو دەیزانی سبەینێ ئەو کاتانە هەموو ئەو سەنگەرانە پڕ خوێن دەبن و سوپا برسییە هارەکەی سوڵتان یاری بە ئالاّو تاجە ئەڵماسییەکەی باووباپیرانی دەکەن، گاڵتە بە ئافرەت و باخەکانی میر دەکەن، چاوی لەسەربازە بەستەزمانەکان و تۆپە شەرمنەکانیان نەدەتروکاند، رەق وەستابوو بێ جووڵە، زۆر بەسام دەیویست رۆژ ببێتەوە گوێی لە دەنگی تۆپەکانی دوژمن بێت، لە خەیاڵی داری قەنارە دوانەهاتووەکاندا بوو کاتێك رۆژ هەلاّت بوو، یەکەمین سوارەی دوژمن و تۆپەکانیان لەپشتی یاڵی بەرانبەر قەلاّکەوە سەریان دەرهێنابوو تا چوارەمین تۆپی دوژمنیش کەدەرگای یەکەمینی قەلاّکەی پێکابوو، میر لەو خەیاڵە قوڵەی رانەچڵەکی، زۆری نەبرد داری قەنارەکان لە گۆڕەپانە ساردەکەدا ئامادەبوون، سەربازەکان جنێویان دەدا، چوار کەس دارەکانیان دادەچەقاند، ئەو کاتەی میریان بەراکێشان هێنا، ئەژنۆی نەدەچامەندەوە. کۆمەڵێك سەربازی تێر تووی باریویان دەخوارد قۆخەکانیان دەفلیقاندەوە، کۆمەڵێك منداڵیش بە گۆرانییەوە دەیانگووت:

- میر بەسەد منەت کە ناردی

هێسترێکی رووت قووت

- دەست و پا سست و سەقەت

ئەندامی هەروەك عەنکەبووت.

2000 شوباتی

پیرمام - هەولێر